له دیدگاوه بۆ کاریگەری

هەواڵنامەی هاوینی 2026

Vision Foundation
for Strategic Studies

هەواڵنامە

01 تەممووزی 2026 - 30 ئەیلوولی 2026



عەدنان عوسمان
سەرۆکی دامەزراوەی ڤیژن

Vision Foundation
for Strategic Studies

ئەم هەواڵنامەیە مشتێک لە خەرمانی کار و چالاکییەکانی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی لە مانگەکانی تەممووز و ئاب و ئەیلوولی ساڵی ٢٠٢٦ دەخاتەڕوو. ئەم چالاکیانە کۆمەڵێک بوار و پرسی گرنگی سیاسی، ئابووری، ئەمنی، کۆمەڵایەتی و ژینگەیی دەگرنەوە و لە ڕێگەی کۆبوونەوە، سیمینار، گفتوگۆی کراوە، فۆکەس گروپ و هاوکاری لەگەڵ دامەزراوە حکومی و ناحکومییەکان ئەنجامدراون و هەوڵدراوە بابەتە گرنگەکانی کۆمەڵگا بە شێوەیەکی زانستی و لێکۆڵینەوەیی تاوتوێ بکرێن و ڕێگاچارەی کردارییان بۆ بدۆزرێتەوە. بەهێزکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ ناوەندەکانی توێژینەوە، دامەزراوە ئەکادیمییەکان، لایەنە حکومییەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، بەشێکی گرنگی کار و ستراتیجیی دامەزراوەکەمانن، دامەزراوەی ڤیژن بەم هەنگاوانە هەوڵ دەدات بەرهەمی توێژینەوە و زانیاریی دروست بخاتە خزمەتی پرۆسەی بڕیاردان، پەرەپێدانی سیاسەتە گشتییەکان و چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگا، بە ئامانجی بەشداریی کاریگەرتر لە پرۆسەی گەشەپێدان و بەدامەزراوەییکردن لە هەرێمی کوردستان و عێراق.

کار و چالاکیی و هەنگاوەکانی (تەممووز، ئاب، ئەیلوول)ـی دامەزراوەی ڤیژن

01 تەممووزی 2026 - 30 ئەیلوولی 2026

کارەکانی دامەزراوەی ڤیژن



ناوەندی مەشورە بۆ لێکۆڵینەوە و گەشەپێدان سەردانی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیان کرد

ناوەندی مەشورە بۆ توێژینەوە و پێشکەشکردنی راپۆرتی گەشەپێدان، زیاتر لە خوارووی ناوەڕاستی عێراق کاردەکەن لە 5 تەممووز 2026 سەردانی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیان کرد.

لە دیدارەکەدا د. حەیدەر عەبدولزەهرە تەمیمی، سەرۆکی ناوەندەکە باسی لە کاروچالاکی ناوەندەکەیانی کرد، هێڵی گشتیی کارەکانیانی باسکرد، بە هەمانشێوە عەدنان عوسمان، سەرۆکی دامەزراوەی ڤیژن باسی لە چالاکی و توێژینەوە و پلانی کونفرانس و دیدارە چڕوپڕەکانی ڤیژن فاوندەیشنی کرد، بەتایبەت لە بوارەکانی ئاسایشی نیشتیمانی و پێکەوە ژیانی کۆمەڵایەتی و ژینگە.

پلانەکە بەو جۆرەیە داهاتوو هەردوو دامەزراوەکە، کاری هاوبەش و پێکەوەیی بکەن و کارئاسانیی و دەستراگەیشتنی زیاتر بۆ توێژەرەکان فەراهەمتر بکەن، لەپێناو ئەنجامدانی توێژینەوەی ئاستبەرزو کاریگەرتر.



وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و دامەزراوەی ڤیژن کار بۆ بەرەوپێشبردنی کەرتی گواستنەوەی گشتی دەکەن

لەچوارچێوەی یاداشتنامەی لێکتێگەیشتنی نێوان وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن لەگەڵ دامەزراوەی ڤیژن، هەردوولا رێککەوتن لەسەر ئەنجامدانی کۆنفرانسێک تایبەت بە بەرەوپێشبردنی کەرتی گواستنەوەی گشتی لە هەرێمی کوردستان.

د. ئاگرین عەبدوڵا، بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن لە کۆبوونەوەیەکدا کە لە 6 تەممووز 2026 لەگەڵ شاندێکی دامەزراوەی ڤیژن بەڕێوەچوو، باسی لە پێویستی دارشتنی پلانێکی ستراتیجی کرد بۆ کەرتی گواستنەوەی گشتی لە هەرێمی کوردستان، لەچوارچێوەی کۆنفرانسە هاوبەشەکەدا.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا شاندی ڤیژن باسیان لەو پڕۆژە ستراتیجیانە کرد کە بەهاوبەشی لەگەڵ وەزارەت و دامەزراوە حکومییەکان ئەنجامدراون، یاخود لە پلانی جێبەجێکردندان.



پێگە و رۆڵی کورد لە دامەزراوە سەربازی و ئەمنییەکانی عێراقدا لە ڤیژن فاوندەیشن تاوتوێ کرا

ڕۆژی پێنجشەممە، 9/7/2026 ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتییە سیاسییەکان، پسپۆڕانی بواری سەربازی و ئەمنی، ئەکادیمییەکان لە دامەزراوەی ڤیژن ئامادەبوون، باس لە ئاستی پێگەی کورد کرا لە ناوەندە ستراتیجییەکانی بڕیاردان لە دامەزراوە سەربازیی و ئەمنییەکانی عێراق.

فەریقی یەکەم جەبار یاوەر، سەرۆکی بۆردی ئاسایشی نیشتیمانی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی سیمینارێکی پێشکەش کرد، لەگەڵ ناساندنی دەزگا ئەمنییەکانی عێراق، هۆکارەکانی لاوازی پێگەی کوردی لەو دەزگایانە ڕوونکردەوە.

بڕیارە ئەنجامی ئەو سیمینار هو گفتوگۆ کراوەیەی ئەنجامدرا، ببێتە توێژینەوە و چارەسەرێك کە دامەزراوەی ڤیژن لە داهاتوودا پێشکەشی دەکات.



ئایندەی ڕاهێنانی پیشەیی و بەهێزکردنی بازاڕی کار

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی لە 9 تەممووز 2026 پرۆگرامێکی دیکەی (چاوی کراوە)ی ڕاگەیاند؛ سەرنجی ئەمجارە لەسەر سەنتەر و بەڕێوەبەرایەتی ڕاهێنانی پیشەیی بوو، مەبەستەکە ئەوەبە ئاڵنگاریی و کێشەکان؛ دەرفەت و ڕێگاکانی چارەسەر و بەرەوپێشبردنی سەنتەرەکانی ڕاهێنان بخاتەڕوو.

سەنتەر و بەڕێوەبەرایەتی ڕاهێنانی پیشەیی دەتوانێت ببێتە دەرگایەکی نوێ بۆ داهاتووی گەنجان، لە سلێمانی، دەرفەت بۆ ئەو گەنجانە دەڕەخسێت کە دەیانەوێت پیشەیەک فێرببن، کارامەیی بەدەستبهێنن و دواتر بە پێی توانا و دەستی خۆیان بچنە ناو بازاڕی کار.

ئەم کەرتە، هەرچەندە گرنگە، بێ ئاڵنگاری نییە؛ هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ڤیژن فاوندەیشن گرنگی زیاتری پێبدات، تا لەڕێگەی گفتوگۆ، توێژینەوە و پێشنیازی کردارییەوە، پشتیوانییەکی باشتر بۆ ڕاهێنانی پیشەیی و گەنجانی هەرێمی کوردستان، بە تایبەت شاری سلێمانی، دروست بکرێت.



قۆیژن پەیوەندییەکانی لەگەڵ ناوەندەکانی توێژینەوەی ئەلبانیا بەهێز دەکات

لە سەردانێکی فەرمیدا بۆ وڵاتی ئەلبانیا لەگەڵ شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، قۆیژن فاوندەیشن لەگەڵ ژمارەیەک ناوەندی توێژینەوەیی و مەدەنییەکانی ئەلبانیا کۆبوونەوە.

لە کۆبوونەوەکاندا، نوێنەری دامەزراوەی قۆیژن ئامانج، کار و دیدگای دامەزراوەکەی خستەڕوو، ناوەندەکانی ئەلبانیاش بەهەمانشێوە پڕۆژە و چالاکییەکانیان بە قۆیژن ناساند.

ئەو ناوەندانەی قۆیژن فاوندەیشن لەگەڵیان کۆبوونەوە هەریەکە لە:

Institute for Democracy and Mediation (IDM)
Cooperation and Development Institute (CDI)
Albanian Institute for International Studies (AIIS)

گفتوگۆکان بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی بەردەوام بوون بە ئاڕاستەی گۆڕینەوەی ئەزموون، هاوکاریی لە بواری توێژینەوە و ئەنجامدانی پڕۆژەی هاوبەش و چالاکی زانستی لە داهاتوودا.



قۆیژن و پەیمانگای ئیتاڵی بۆ ئاسیا یاداشتنامەی لێکتێگەیشتنیان واژۆ کرد

لە 15 تەممووز 2026 دامەزراوەی قۆیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی و پەیمانگای ئیتاڵی بۆ ئاسیا (ISIA) بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییە زانستییەکان و ئاڵوگۆڕی ئەزموون، یاداشتنامەیەکی لێکتێگەیشتنیان واژۆ کرد.

ئەم یاداشتنامەیە دەبێتە سەرەتای هاوکاری و هەماهەنگیی لەنێوان هەردوولا، ئامانجە سەرەکییەکەی دروستکردنی هاوبەشییەکی بەردەوام، ئاڵوگۆڕی ئەزموون و سوودوەرگرتنە لە توانای زانستی و توێژینەوەکانی نێوانی هەردوو دامەزراوەکە.

لەم هەنگاوەوە دامەزراوەی قۆیژن و پەیمانگای ئیتاڵی بۆ ئاسیا بەردەوام دەبن لە گۆڕینەوەی سەردان و ڕێکخستنی کۆبوونەوە و چالاکییە هاوبەشەکان؛ هەروەها میکانیزمێکی کاری هاوبەش دادەمەزرێنن بۆ ئامادەکردنی توێژینەوە و پڕۆژەی زانستی لەسەر بابەتە گرنگ و ستراتیجییەکان.

ئەو پڕۆژانەی کاری هاوبەشیان لەسەر دەکرێت بە نمونە توێژینەوەی سیاسی، ئاسایشی هەرێمی ،ئابووری و بازرگانی، وەبەرهێنان، گرنگترینیشیان ژینگە و سەرچاوەکانی ئاو دەبێت.



دامەزراوەی قۆیژن و ئۆکسفام جەخت لە پێویستی دادپەروەریی ئابووری دەکەنەوە

ڕۆژی 15ی تەممووزی 2026 شاندێکی دامەزراوەی قۆیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی لەگەڵ بەڕێوەبەری ئۆکسفام لە عێراق و بەڕێوەبەری پڕۆگرامەکانی ئۆکسفام لە هەولێر کۆبوونەوە و هەردوولا جەختیان لە پێویستی کارکردن لەسەر دادپەروەری ئابووری و حکومەتی بەرپرسیار کردەوە.

شاندەکەی دامەزراوەی قۆیژن پێکهاتوبوون لە جێگری سەرۆک و بەڕێوەبەری پڕۆژەکان، لە کۆبوونەوەکەدا باسیان لە پێویستی هەماهەنگی و هاوکاری نێوان حکومەت و ڕێکخراوە ناوخۆی و نێودەوڵەتییەکانیان کرد، لە پرۆسەی ڕووبووونەوەی هەڕەشە و مەترسییەکان لەسەر ژینگەی عێراق و هەرێمی کوردستان. لەو ڕووەشەوە باسیان لەو زیادەڕەوی و مەترسیانە کرد کە ڕووبەڕووی روباری سیروان و دیالە و کەشوهەوای ژینگەی بەغداد بوونەتەوە.

لەکۆبوونەوەکەدا هەردوولا هاوڕابوون لەسەر پێویستی بەرجەستەکردنی دادپەروەری ئابووری و چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ گەشەپێدانی ئابووری ناوچەیی و بەهێزکردن و کاراکردنی تواناکانی دامودەزگاکانی حکومەت لە پێشەکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بە هاوڵاتیان.



هەنگاوەکانی ڕێکخستنی سەنتەرەکانی هەڵی کار لە ڤیژن فاوندەیشن تاوتوێ دەکرێت

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، بەمەبەستی چارەسەری کرداری بۆ کێشەی بێکاری و بەهێزکردنی پەیوەندیی نێوان کارخوازان و بازاڕی کار، لە 16 تەممووز 2026 گفتوگۆیەکی کراوەی لەبارەی ڕێکخستنەوە و پەرەپێدانی سەنتەرەکانی ڕەخساندنی هەڵی کار بەڕێوەبرد.

لە گفتوگۆکەدا ژمارەیەک پسپۆڕ، خاوەنکار، ئەکادیمیست و شارەزای بواری ئابووری و بازاڕی کار بەشداربوون و لەبارەی ڕۆڵ، ئەرک، میکانیزمی کار و تواناکانی ئەم سەنتەرانە لە ڕەخساندنی هەڵی کار بۆ گەنجان و گونجاندنی تواناکانی کارخوازان لەگەڵ پێداویستییەکانی بازاڕی کار گفتوگۆیان کرد.

هۆگر عەلی، ڕاوێژکاری وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، سیمینارێکی پێشکەشکرد و تێیدا ئەزموون و میکانیزمەکانی ڕێکخستنی سەنتەرەکانی هەڵی کار لە ژمارەیەک وڵاتی ئەورووپا و ئەمریکای خستەڕوو و جەختی کردەوە کە کەرتی تایبەت بزوێنەری سەرەکیی ئابووری وڵاتە و پێویستە بە شێوەیەکی یاسایی و دامەزراوەیی ڕێکبخرێتەوە.



ڤیژن فاوندەیشن، بۆردی کۆمەڵایەتی ڕادەگەیەنێت

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، لە چوارچێوەی فراوانکردنی مەودای کارکردن و بەهێزکردنی ڕۆڵی دامەزراوەکە لە دروستکردنی چارەسەر بۆ پرسە گرنگەکانی کۆمەڵگا، 16 تەممووز 2026 بۆردی ڕاوێژکاریی کۆمەڵایەتی ڕاگەیاند.

بۆردەکە لەلایەن پرۆفیسۆر د. ژیا عەباس، تۆێژەر و مامۆستای زانکۆ، سەرۆکایەتیی دەکرێت و سەرنجی سەرەکیی بۆردەکە لەسەر دامەزراندنی ئەم بۆردە، بەشێکە لە دیدگای فراوانی دامەزراوەی ڤیژن بۆ گواستنەوەی توێژینەوە و زانیاریی زانستی بۆ ناو بڕیارسازی و گۆڕینیان بە چارەسەر و سیاسەتی کرداری؛ دیدگایەک کە ڤیژن وەک ناوەندێکی بەهێزی توێژینەوە، گفتوگۆ و دروستکردنی سیاسەت لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا جێگیر دەکات.



دامەزراوەی ڤیژن سەردانی دکتۆر لەتیف رەشید، سەرۆك کۆماری پێشووی عێراق دەکات

بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو، پاراستنی ژینگە و بەرەوپێشبردنی توێژینەوە زانستییەکان، تەوەرە سەرەکییەکانی دیداری شاندێکی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی بوون، لەگەڵ دکتۆر. لەتیف رەشید، سەرۆک کۆماری پێشووی عێراق و وەزیری پێشووتری سەرچاوەکانی ئاو.

لە دیدارەکەدا، دکتۆر. لەتیف رەشید، بە پشتبەستن بە ئەزموونە فراوانەکەی لە بواری ژینگە و بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو، ئامادەیی خۆی بۆ هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ دامەزراوەی ڤیژن نیشاندا؛ بە تایبەتی لە بەرەوپێشبردنی توێژینەوە و زانیاریی زانستی لەم بوارانەدا

سەرۆک کۆماری پێشوو جەختی لە گرنگیی رۆڵی ناوەندەکانی توێژینەوە لە پڕۆسەی گەشەپێدان و دروستکردنی بڕیارە ستراتیجییەکان کردەوە، ئاماژەی بەوە کرد کە سەرەڕای گرنگیی ئەم ناوەندانە لە پێشکەوتنی وڵاتان، بەڵام لە عێراق گرنگیی پێویستیان پێ نەدراوە؛ بۆیە پێویستە پێش وەرگرتنی بڕیارە گرنگەکان، سوود لە توانا و بەرهەمی ناوەندەکانی بیرکردنەوە و توێژینەوە وەربگیرێت.

ئەم دیدارە لە چوارچێوەی سەردانێکی فەرمیی شاندی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ئەمڕۆ دووشەممە 20ـی تەممووزی 2026، بۆ لای دکتۆر. لەتیف رەشید ئەنجامدرا.



بەهێزکردنی پێگەی ژنان لە هەرێمی کوردستان تاوتوێ کرا

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی و ئاشتی عەبدوڵا، راوێژکاری بەڕێز قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، کۆمەڵێک بیروکە و پڕۆژەی نوێیان بۆ پەرەپێدانی تواناکان و بەهێزکردنی پێگە و رۆڵی ژنان لە هەرێمی کوردستان تاوتوێ کرد.

رۆژی 19ی تەممووزی 2026، ئاشتی عەبدوڵا، بە یاوەری شاندێک سەردانی دامەزراوەی ڤیژنی کرد و لە کۆبوونەوەکەدا، بە گرنگییەوە باس لە دۆخی ژنان و هەنگاوەکانی بەهێزکردن و بەرەوپێشبردنی رۆڵ و پێگەکەیان لە بواری جیاوازەکان باسکرا.

لە دیدارەکەدا، جەخت لەوە کرایەوە کە پەرەپێدانی کۆمەڵگە بەبێ بەشداریی چالاک و کاریگەریی ژنان سەرکەوتوو نابێت، لەم چوارچێوەیەدا، کۆمەڵێک بیروکە و پڕۆژەی کرداری بۆ پەرەپێدانی تواناکان، فراوانکردنی دەرفەتەکان و پشتگیریی ژنان تاوتوێ کران.



ڤیژن فاوندەیشن فۆکەس گروپێکی لەبارەی مەترسییەکانی میدیا و سۆشیاڵ میدیا لەسەر منداڵان ئەنجامدا

بۆردی راوێژکاریی کۆمەڵایەتیی دامەزراوەی ڤیژن، فۆکەس گروپێکی تایبەت بە پاراستنی منداڵان و نەوجەوانان لە مەترسییەکانی میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجامدا، چەند پێشنیازێکیش بۆ چارەسەر خرانەڕوو.

فۆکەس گروپەکە رۆژی سێشەممە، 21ی تەممووزی 2026، لە دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی بەڕێوەچوو، لە دانیشتنەکەدا، پسپۆڕان و کەسانی ئەکادیمیی مەترسییەکانی خراپ بەکارهێنانی منداڵان و نەوجەوانان لە میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێگاکانی پاراستنیان تاوتوێ کرد.

لە دەستپێکی ئیڤێنتەکەدا، دکتۆر. چڕۆ شەهاب، مامۆستای زانکۆ بابەتێکی لەبارەی مەترسییەکانی میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر منداڵ و نەوجەوانان و شێوازەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم حاڵەتەی پێشکەشکرد.

لە گفتوگۆیەکی کراوەشدا ئاماژە بەوە کرا هەندێک دایک و باوک، منداڵەکانیان بۆ بەدەستهێنانی لایک و کۆمێنت و زیادکردنی ژمارەی بینەر بەکاردەهێنن، هەروەها لە هەندێک ڕووداوی تاوانکاری و تووندوتیژیدا، وێنە و ناسنامەی منداڵان بڵاودەکرێنەوە.



یەکێتیی ژنان و دامەزراوەی ڤیژن، کاری پێکەوەیی و پلانی داهاتوو باسدەکەن

یەکێتیی ژنانی کوردستان، سەردانی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کرد و لەگەڵ دامەزراوەکە، دەربارەی کارکردنی پێکەوەیی و هاوبەش لەسەر پرسەکانی ژنان گفتوگۆیان کرد.

لە سەردانەکەدا کە ڕۆژی یەکشەممە، 26ی تەممووزی 2026، ئەنجامدرا، یەکێتیی ژنانی کوردستان باسیان لە هەنگاو و کارەکانی ڕێکخراوەکەیان کرد و پلان، پڕۆژە و چالاکییەکانی داهاتوویان و ستراتیج و پلانی نوێی یەکێتی ژنانی کوردستانیان باسکرد.

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، باسی لە گرنگی ڕۆڵی ژنان کرد لەنێو کارەکانی دامەزراوەکە و گرنگترینیان دروستکردنی بۆردێکی نوێی دامەزراوەکەیە (بۆردی کۆمەڵایەتی) کە نوێترین هەنگاوی دامەزراوەی ڤیژنە و ژنێک سەرپەرشتیی بۆردەکە دەکات پرۆفیسۆر د. ژیا عەباس.



ڤیژن و ستانەدەر گفتوگۆیان لەسەر هەماهەنگی و هاوکاریکردنی داهاتوو کرد

لە 22/7/2026، دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی پێشوازی لە بەڕێز مەسعود عەبدولخالق، نووسەر و خاوەنی دەزگای میدیایی ستانەدەر، لەگەڵ ژمارەیەک لە تیمی هاوڕێی و بەڕێز ئیسماعیل گەڵاڵەیی، ئەندامی خولی سێیی پەرلەمانی کوردستان و کەسایەتی ئابووری، کرد.

لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆیەکی فراوان لەسەر بابەتە ستراتیجییەکان کرا کە پەیوەندییان بە دۆخی سیاسی، ئابووری و کارگێڕی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، هەروەها جەخت لەسەر گرنگی ڕۆڵی دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، میدیا و کەسایەتییە نیشتمانییەکان کرایەوە بۆ بەرهەمهێنانی بیرۆکە و پێشنیاری جێبەجێکراو، بە مەبەستی بەهێزکردنی سەقامگیری، چاکسازی و گەشەپێدانی دامەزراوەیی.

هەروەها بەشێک لە گفتوگۆکان تەرخان کرابوو بۆ ئایندەی کار و چالاکییەکانی دامەزراوەی ڤیژن لە شاری هەولێر و ڕێگاکانی فراوانکردنی هەماهەنگی و هاوکاریکردن لەگەڵ دامەزراوە و دەزگاکانی ئەو شارە، بە تایبەتی دەزگای میدیایی و توێژینەوەی ستاندەر، بۆ پشتگیریکردنی پڕۆژە و چالاکییە هاوبەشەکان.



ڤیـژن فاوندەیشـن و بـۆردی ڕێکخـراوە دیموکراتییـەکان کار بـۆ بەهێزکردنی ناوەندە هۆشیارییەکان دەکەن

دامـەزراوەی ڤیـژن سـەردانی بـۆردی ڕێکخـراوە دیموکراتییەکانـی کـرد؛ بـاس لـە کارکردنـی پێکەوەیـی لـە داهاتـوو، کاراکـردن و بەهێزکردنـی ڕۆڵـی ناوەنـدە هۆشـیارییەکان و پتەوکردنـی پێگـەی ژنـان و گەنجـان کرا.

ڕۆژی دوشـەممە، 27ی تەممـوزی 2026، دامـەزراوەی ڤیـژن لەگـەڵ ئەمـەل جـەلال، لێپرسـراوی بـۆردی ڕێکخـراوە دیموکراتییـەکان کۆبوونـەوە، هـەردوولا هاوڕابـوون کاری پێکەوەیـی لەسـەر بنەمـای کاری مەیدانـی بەهێـز بکـەن و گرنگـی زیاتـر بـە کەرتـی پـەروەردە و کولتور بەهێزکردنی پێگەی ژنان لە هەرێمی کوردستان بدەن.

دامـەزراوەی ڤیـژن جەختیکـردەوە کـە ئامـادەن بـۆ کارکـردن و هـاوکاری و هەماهەنگـی بەمەبەسـتی داڕشتنـی نەخشـەڕێگای زانسـتی بـۆ بەرەوپێشبردنی زیاتری کۆمەڵگا.



بۆردی کۆمەڵایەتیی یەکێتی سەردانی دامەزراوەی ڤیژنی کرد

جـەزا سـەید مەجیـد، ئەندامـی ئەنجومەنـی سـەرکردایەتی و لێپرسـراوی بـۆردی کۆمەڵایەتیـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، بـە یـاوەری ژمارەیـەک لـە ئەندامانـی بۆردەکـە، سـەردانی دامـەزراوەی ڤیـژن بـۆ لێکۆڵینـەوەی سـتراتیجی کـرد و لەگـەڵ بەرپرسـان و ئەندامانـی دامەزراوەکە کۆبووەوە.

لـە کۆبوونەوەکـەدا کـە ڕۆژی یەکشـەممە، 26ی تەممـووزی 2026، بەڕێوەچـوو، گفتوگـۆ لەبـارەی پەرەپێدانـی پەیوەندییـەکان و هەنگاوەکانـی داهاتـوو بـۆ بەهێزکردنـی هـاوکاری و هەماهەنگیـی نێـوان هەردوولا کرا.

هەروەهـا ژمارەیـەک پرسـی جێـی بایەخـی هاوبـەش تاوتـوێ کـرا، بـە تایبـەت چۆنیەتیـی فراوانکردنـی هاوکارییـەکان و سـوودوەرگرتن لـە تواناکانـی هـەردوولا بـۆ پەرەپێدانـی کار و چالاکییـە مەیدانـی و کۆمەڵایەتییەکان.



بانکی ناوەندی عێراق رێکارەکانی چاودێریکردنی بانکەکان چڕتر دەکاتەوە

29 تەممووز 2026 د. ئاودێر عەبدولواحید، پسپۆڕی بازرگانی و کارگێڕی، لە گفتوگۆیەکی راوێژکاریدا لەگەڵ دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سیاسەت و رێکارە نوێیەکانی بانکی ناوەندی عێراقی تاوتوێ کرد؛ بە تایبەت ئەو رێکارانەی پەیوەندییان بە ڕێگریکردن لە قاچاخی دۆلار بۆ دەرەوەی وڵات و بەرەنگاربوونەوەی سپیکردنەوەی پارە هەیە

بە بڕوای د. ئاودێر عەبدولواحید، بانکی ناوەندی عێراق چاودێری و پشکنینەکانی لەسەر بانکەکان چڕتر دەکاتەوە، ئەمەش لە چوارچێوەی رێکخستنی مامەڵە داراییەکان کە یەکانگیرە لەگەڵ داخوازییەکانی بانکی ناوەندیی ئەمریکا.

هەر لەو گفتوگۆ راوێژکارییەدا د. ئاودێر ئاماژەی بەوە کرد کە بەمنزیکانە کۆمپانیایەکی نوێی پارەدانی ئەلیکترۆنی (E-Payment) لە شاری سلێمانی دادەمەزرێت؛ هەنگاوێک کە دەتوانێت ببێتە هۆی پەرەپێدانی خزمەتگوزارییە داراییە دیجیتاڵییەکان و ئاسانکاریی لە مامەڵە داراییەکاندا.

سلێمانی، زیادەڕەوی بۆسەر مووڵکی گشتیی، نوێترین فۆکەس گرووپی دامەزراوەی ڤیژن

فراوانبوونی خێرای شاری سلێمانی، زیادەڕۆییکردن بۆسەر مووڵکی گشتی و بەهۆیەوە کەمبوونەوەی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان، لە فۆکەس گروپێکی دامەزراوەی ڤیژن گفتوگۆ کرا.

فۆکەس گرووپەکە، 30/7/2026 بەڕێوەچوو، دەبێتە سەرەتای توێژینەوەیەکی ستراتیجی و پۆلسی پەیپەڕێکی دامەزراوەی ڤیژن لەسەر فراوانبوونی شاری سلێمانی و پلانەکان بۆ ڕێگریی و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ زیادەڕەوی لەسەر مووڵکی گشتیی.

لەسەرەتای فۆکەس گروپەکەدا، د. دیدار عەبدولکەریم، بەرپرسی بەشی توێژینەوەکانی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، لە سیمیناڕێکدا کە پێشکەشیکرد؛ دەستی خستەسەر ئەو کێشانەی ئێستا ڕووبەڕووی فراوانبوونی شاری سلێمانی بووەتەوە، لە زێدەڕۆییکردنەسەر زەوییەکان، بۆ کەمبوونەوەی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و ئەو کێشانەی بەهۆی ئەم فراوانبوونەوە ڕووبەڕووی ئاو، خۆراک، خزمەتگوزاریی و ئابووری شارەکە دەبێتەوە.



دامەزراوەی ڤیژن بووە ئەندامی پەیمانگای ئەسینا بۆ توێژینەوە

دامەزراوەی ڤیژن بۆلێکۆڵینەوەی ستراتیجی، بووە ئەندام لە ئەنجومەنی ئەسینا بۆ پەروەردە و توێژینەوە (ATINER)، کە دامەزراوەیەکی نێودەوڵەتی تایبەتە بە ئەکادیمیستەکان و توێژەران.

ڕۆژی 28ـی تەممووزی 2026، دامەزراوەکە بە فەرمیی بڕوانامەی ئەندامبوونی وەرگرت و د.دیدار عەبدولکەریم، بەرپرسی بەشی توێژینەوەکانی ڤیژن فاوندەیشن بووە ئەندامێکی ئەکادیمیی ئەنجومەنەکە.

کارکردنی دامەزراوەی ڤیژن لەگەڵ ئەم پەیمانگا نێودەوڵەتییە، تایبەت دەبێت بە بواری ژینگە و دیمەنی سروشتی و یەکەی پلاندانانی شار و ناوچەیی.





پاراستنی مندالْ و نەوجەوان لە مەترسییەکانی میدیا و تۆڕە کۆمەلّایەتییەکان

بۆردی راوێژکاریی کۆمەلّایەتیی دامەزراوەی ڤیژن، دووەم فۆکەس گروپی تایبەت بە پاراستنی منداڵان و نەوجەوانان لە مەترسییەکانی میدیا و تۆڕە کۆمەلّایەتییەکان ئەنجامدا و دانانی پرۆژەیاسایەکی تایبەت لەوبارەیەوە تاوتوێ کرا.

فۆکەس گروپەکە سێشەممە 4/8/2026 لە دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی بەڕێوەچوو، لە دانیشتنەکەدا کەسانی پسپۆڕ و ئەکادیمیی مەترسییەکانی خراپ بەکارهێنانی منداڵان و نەوجەوانانیان لە میدیا و تۆڕە کۆمەلّایەتییەکان و ڕێگاکانی چۆنێتی پاراستنیان تاوتوێ کرد.

لە دەستپێکی ئیڤێنتەکەدا، دکتۆر. چرۆ شەهاب، مامۆستای زانکۆ کێشەکانی منداڵ و نەوجەوانانی لەسەردەمی تەکنەلۆجیا و مۆبایلدا، لە ڕووی بەکارهێنانیان بۆ بەرزکردنەوەی بینەر و چالاککردنی پەیج و سایتەکان خستەڕو.

لە گفتوگۆدا باس لەوەش کرا، لە چەند حاڵەتێکی نەخوازراودا هەندێک دایک و باوک منداڵەکانیان بەمەبەستی زۆرکردنی بینەر و لایک و کۆمینت و بەرزکردنەوەی ئەکتیڤ بەکاردەهێنن، میدیاکانیش ڕۆڵێکی نەرێنی لە بەکارهێنانی منداڵ بۆ هەمان مەبەست دەگێڕن بەبێ گوێدان بە باری دەرونی منداڵەکە، کە لە داهاتوودا مەترسیی بۆ سەر ژیانی دروست بکات



ڤیژن و کۆمپانیا تورکییەکان گفتوگۆ لەسەر دەرفەتەکانی وەبەرهێنان دەکەن

لە 6 ئاب 2026، شاندێکی کۆمپانیا تورکییەکان و دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوە ستراتیجی گفتوگۆ لەسەر پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکان و دەرفەتەکانی وەبەرهێنان لە کەرتە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان دەکەن.

شاندێکی کۆمپانیا تورکییەکان بە سەرۆکایەتی محەمەد ساڵح چەلیک، سەرۆکی سەرۆکی ژووری پیشەسازی و بازرگانی پیاوانی کاری تورکی – عێراقی سەردانی دامەزراوەی ڤیژنیان کرد.

کۆمپانیا تورکییەکان جەختیان کردەوە، خوازیاری پەیوەندییەکی بەهێزی بازرگانی و ئابووریان لەگەڵ هەرێمی کوردستان و دەیانەوێت ئەو پەیوەندیانە بەهێزتر بکەن، بەتایبەتی لەگەڵ پارێزگای سلێمانی.

لەو کۆبوونەوەیەدا تیشکخرایەسەر دەرفەتەکانی وەبەرهێنان لە کەرتەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتوگوزار و وزەی هەرێمی کوردستان و یاساکانی هەرێمی کوردستانیش لەبارن بۆ وەبەرهێنانی بیانی لە سەرجەم سێکتەرەکاندا.



باڵیۆزی سویسرا لە عێراق سەردانی ڤیژن فاوندەیشنی کرد

باڵیۆزی سویسرا لە عێراق لەلایەن دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی میواندارییی کرا، باس لە بۆردە جیاوازەکانی دامەزراوەکە و کارەکانی لە رابردوو و ئامانج و پرۆژەکانی داهاتوو کران.

سەردانەکە ئەمڕۆ پێنجشەممە 6ی ئاب2026 d ئەنجامدرا، دانیێڵ هون، باڵیۆزی سویسرا لە عێراق لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی ڤیژن فاوندەیشن ئاشنا بوو بە بۆردی کۆمەلّایەتیی دامەزراوەکە، گوێبستی ئەو پرۆژانە بوو کە بۆردەکە ئامادەیکردوون، بەتایبەت بۆ پرسی ژنان و منداڵان.

باڵیۆزی سویسرا لە عێراق بە گرنگییەوە روانییە پرۆژەکانی ڤیژن، بەتایبەت ئەو پرۆژانەی بۆ خزمەتکردنی زیاتری هەرێمی کوردستانە و پرۆژەکانی تایبەت بە خزمەتکردنی ژنانیشی بە یەکێک لە پرۆژە گرنگەکان ناوبرد.



فۆکەس گروپێك بۆ پێکەوەبەستنەوەی بانك، وەبەرهێنەر و کارگەکان بەڕێوەچوو

لە دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، خاوەن کارگە و پڕۆژەکان، شارەزایانی ئابوری و بانك و وەبەرهێنەران کۆبوونەوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پرسی پەیوەندیی نێوان سێکتەرەکانی بانك، وەبەرهێنان و پیشەسازیی و تیایدا دەستخرایەسەر کەموکورتییەکان و دەرفەتەکانی چارەسەریش باسکران.

فۆکەس گروپەکە پێنجشەممە، 6ی ئابی2026 بەڕێوەچوو، گفتوگۆکان لەسەر بابەتەکە دەستپێکرد، بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارێکی سەرەکی چۆن بتوانرێت پەیوەندیی لەنێوان سێکتەرەکانی بانك، وەبەرهێنان و پیشەسازیی دروستبکرێت؟، چۆن هانی بانکەکان بدرێت هاوکاریی وەبەرهێنەران بکەن لە پێدانی قەرز لەبری ئەوەی پڕۆژەکان بە پارەی هاوڵاتیان دروستبکرێت، بانکەکان ئەو کارە ئەنجام بدەن.

کارگە و پڕۆژە پیشەسازییەکانیش تەوەرێکی دیکەی گفتوگۆکان بوو، ئاماژە بۆ ئەوەکرا لە وڵاتانی دیکەدا کەرتی پیشەسازیی بە هاوکاری بانکەکان بەڕێوەدەچێت، بەڵام لە هەرێمی کوردستان پەیوەندیی لەنێوان ئەم دوو سێکتەرەدا نییە، لەگەڵئەوەشدا کارگەکان بەبێ هیچ دڵنیایی و پشتیوانییەك بەردەوامن لە کارەکانیان و بەشێکی زۆری بەرهەمەکانیان هەناردەی خواروو عێراق دەکەن.



لە ڤیژن فاوندەیشن گفتوگۆ لە سەر گرنگیی دروستکردنی پەناگەی سروشتیی دەکرێت

9 ئاب 2026 لە دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، گفتووگۆ لە گرنگیی دروستکردنی پەناگەی سروشتی، بۆ پاراستنی ژینگە و ئاژەڵانی کێوی و سەوزکردنی زیاتری هەرێمی کوردستان، کرا.

ئەو پرسانە، لەگەڵ جەلال شێخ کەریم، بڕیکاری پێشووی وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و چالاکوانی بواری ژینگە خرانە بەرباس، گفتووگۆ لەسەر دروستکردنی پەناگە و پارێزبەندیی سروشتی کرا کە گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ پارێزگارییکردن لە رێژەی سەوزایی و نەهێشتنی مەترسییە ژینگەییەکان.

کۆبوونەوەکە زیاتر لەسەر پرسە ژینگەییەکان بوون، مەترسییەکان باسکران و چارەسەرەکانیش خرانەڕوو.

پارێزگاریی لە سروشت و ژینگە و سەرچاوەکانی ئاو، یەکێکە لە ئامانجەکانی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی و بەردەوام بە گرنگییەوە کاریان لەسەر دەکات، بۆ ئەو مەبەستەش لە رابردوودا چەندین کۆبوونەوەی تایبەتی لەگەڵ بەرپرسان و لایەنی پەیوەندیدار ئەنجامداوە و کار لەسەر چەند پرۆژەیەکی تایبەت بە پارێزگاری لە سروشت و ژینگە و سەرچاوەکانی ئاو دەکات.



ڤیژن و راوێژکاری سەرۆك وەزیرانی عێراق گفتوگۆ لەسەر پرسی ژنان دەکەن

9 ئاب 2026، راوێژکاری سەرۆك وەزیرانی عێراق و دامەزراوەی ڤیژن، باسیان لە پرسی ژنان، بەرەوپێشبردنی رۆڵیان لە بواری سیاسەت، ئابوری و کۆمەڵایەتیی کرد، پێکەوە کارکرنیش بۆ هەمان پرس تاوتوێ کرا.

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی و ئاڵا تاڵەبانی، راوێژکاری عەلی زەیدی، سەرۆك وەزیرانی عێراق، گفتوگۆیان لەسەر پرسی ژنان کرد، ئەو پرۆژانەی کە لە رابردوودا ڤیژن بۆ ژنان ئەنجامیداون خرانەڕوو ئامانجەکانیش بۆ داهاتوو باسکران.

باس لە شێوازەکانی کاری پێکەوەیی و هەماهەنگی کرا بۆ بەرەوپێشبردنی رۆڵی ژنان لە کایە گرنگەکاندا، ئەوەشخرایەڕوو بەهۆی گرنگیدانی دامەزراوەی ڤیژن بە پرسی ژنان، بۆردێکی کۆمەڵایەتیی دامەزراندووە کە کار لەسەر کێشەکانی ژنان و بەهێزکردنی پێگەیان دەکات لە کۆمەڵگادا.



ڤیژن و دامەزراوەکانی لێکۆڵینەوەی عێراق پڕۆژەی هاوبەش ئەنجام دەدەن

دامەزراوەی ڤیژن و دامەزراوەکانی لێکۆڵینەوە لە عێراق، ژمارەیەک پڕۆژەی هاوبەش لە بوارەکانی ئابووری، ئاسایشی نیشتیمانی و پێکەوەژیان ئەنجامدەدەن.

دامەزراوەکانی (بەیان، عەشتار، مەسارات) بۆ لێکۆڵینەوە و بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی عێراق، لە 9 ئاب 2026 سەردانی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیان کرد. گفتوگۆ لەسەر کاری پێکەوەیی و پڕۆژەی هاوبەش و ئەو پڕۆژانە کران کە بڕیارە ڤیژن فاوندەیشن لە داهاتوویەکی نزیکدا لەبارەی پرسەکانی ئابووری، ئاسایشی نیشتیمانی و پێکەوە ژیان لە عێراق ئەنجامیبدات.

لە گفتوگۆکاندا باس لە چالاکی و هاوکاری هاوبەش کرا، بۆ ئەنجامدانی ئەو پڕۆژانە و دامەزراوەکانی عێراقییش ئامادەییان دەربڕی بۆ هاوکاریی و کارێکی پێکەوەیی لە سەرجەم بوارەکاندا.



بەهێزکردنی کەرتی کشتوکاڵ و پڕۆژە بچووکەکان لە ڤیژن فاوندەیشن تاوتوێ کرا

لە دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی فۆکەس گروپێکی تایبەت بە پەرەپێدانی کشتوکاڵ و پڕۆژە ناوخۆییەکان بەڕێوەچوو، ئامانجەکە دیاریکردنی ستراتیجێکە بۆ بەرەوپێشبردنی ئەو کەرتە گرنگە لە هەرێمی کوردستان.

فۆکەس گروپەکە 11/8/2026 بە ئامادەبوونی (پەرەپێدانی کشتوکاڵ و پیشەسازیی کشتوکاڵی و پشتگیری پڕۆژە بچووک و ناوەندەکان) بەڕێوەچوو، خاوەن کارگەکان، شارەزایانی کشتوکاڵ و ئابووری و ئەکادیمیست و لایەنی پەیوەندیدار بەشداربیان تێدا کرد

لە کۆبوونەوەکەدا، ئاستەنگەکانی بەردەم کەرتی کشتوکاڵ و هۆکارەکانی لاوازی بەرهەمی ناوخۆ و ئاڵنگارییەکانی بەردەم پڕۆژە و کارگەکان لە هەرێمی کوردستان تاوتوێ کران.



زێدەڕۆیی بۆسەر مولکی گشتی و ڕێگاچارەکان لە فۆکەس گروپێکی ڤیژن تاوتوێکران

زیادبوونی زێدەڕۆیی بۆ سەر مولکی گشتی، یاساکانی پەیوەست بە زێدەڕۆیی، ڕێگریی و بەربەستەکان، هۆکار و ڕێگاکانی چارەسەرکردنی، لە دووەم فۆکەس گروپی دامەزراوەی ڤیژن لەسەر پرسی زێدەڕۆیی گفتوگۆیان لەبارەوە کرا.

دووەم فۆکەس گروپی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوە ستراتیجی، بە ئامادەبوونی نوێنەرانی پارێزگا، شارەوانی، قائیمقامیەت، دادگای سلێمانی، داواکاری گشتی و هاتوچۆ و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەنجامدرا، تیایدا بە ووردی گفتوگۆ کرا لەسەر هۆکارەکانی زیادبوونی زێدەڕۆیی بۆ سەر مولکی گشتی، دەستخرایە سەر هۆکارەکانی کێشەکە و ڕێگاچارەکانیش خرانەڕوو.

فۆکەس گروپەکە ڕۆژی 12/8/2026 بەڕێوەچوو، لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەوەیان خستەڕوو ئەگەر یاساکانی پەیوەیست بە ڕێگریی بۆ سەر مولکی گشتی وەك خۆیان جێبەجێ بکرێن، ئەو دیاردەیە بەشێوەیەکی بەرچاو کەمدەبێتەوە، جێبەجێنەکردنیان هۆکارە تائێستا نەتوانراوە بنەبڕ بکرێت.



کشانەوەی ئەمریکا چی کاریگەرییەکی لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان دەبێت؟

گفتووگۆیەکی کراوەی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، دەستەبژێرێک لە شارەزایانی سەربازیی و ئاسایش، پسپۆڕانی بواری سیاسی، یاسایی و دەستوور و رۆژنامەنووسانی کۆکردەوە، باس لەو لێکەوتە سیاسی، ئابووری و سەربازییانە کرا کە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان لە دوای خۆی بەجێیدەهێڵێت.

گفتوگۆ کراوەکە رۆژی پێنجشەممە، 13/8/2026 بەڕێوەچوو. لە سەرەتادا د. ئاکۆ حەمەکەریم، بەرپرسی بەشی شیکاریی دامەزراوەی ڤیژن، سیمینارێکی لەبارەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا پێشکەش کرد و باسی لە لێکەوتەکان کرد، ئاماژەی بەوەدا کە ئەمە زیانێکی زۆری بۆ هەرێمی کوردستان دەبێت و لەڕووی ئابوریشەوە کاریگەرییە نەرێنییەکانی خستەڕوو.

بەشێک لە ئامادەبووانی گفتووگۆ کراوەکە، باسیان لە پاڵپشتی و هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ هەرێمی کوردستان کرد، کشانەوەکەیان بە زیان بۆ هەرێمی کوردستان ناوبرد و ئاماژەیان بەوەکرد کە کشانەوەی ئەم هێزانە ئەگەری هەیە نائارامی لە ناوچەکە دروست بکات.



پرسە کۆمەڵایەتییەکان و پرسی ژنان لە گفتوگۆیەکی هاوبەشدا

گرنگیی سەنتەرەکانی توێژینەوە، پرسە کۆمەڵایەتییەکان و پرسی ژنانی نێو زیندان، پرۆژەی لوتکەی سلێمانی و ئامانج و گرنگییەکەی لەگەڵ راوێژکاری جێگری سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆ کاروباری ژنان باسکران.

رۆژی 17/8/2026 ڤیژن فاوندەیشن، لەلایەن ئاشتی عەبدوڵا، راوێژکاری جێگری سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆ کاروباری ژنان میواندارێکران، گرنگیی توێژینەوەی زانستی و رۆڵی دامەزراوە توێژینەوەییەکان لە ناسین و چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگا باسکرا.

باس لەوە کرا توێژینەوە و بەکارهێنانی داتا و زانیاریی زانستی، دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ بڕیاردانی دروست و بەرەوپێشبردنی کارە دامەزراوەییەکان.



ڤیژن فاوندەیشن: رێگاوبانەکان لە روانگەیەکی ئەندازیارییەوە بگۆڕدرێن بۆ ئامرازێکی گەشەی ئابووری

ڤیژن فاوندەیشن، گۆڕینی فەلسەفەی رێگاوبانەکان لە روانگەیەکی ئەندازیارییەوە بۆ ئامرازێکی گەشەی ئابووری بەپێویست دەزانێت، پە تایبەتی لە رێگەی بەستنەوەی دەروازە سنوورییەکان و ناوچە کشتوکاڵی، پیشەسازی و گەشتیارییەکان بە کۆمەڵگەکانی نیشتەجێبوونەوە.

ئەو روانگەیە، لەلایەن ئەلەند مەحوی، جێگری سەرۆکی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، لە وۆرکشۆپی ماستەرپلانی رێگاوبانە گشتییەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە خرایەڕوو.

وۆرک شۆپەکەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە ئامادەبوونی بەرپرسانی حکومی و شارەزایان و لایەنە پەیوەندیدارەکان و نوێنەری دامەزراوەی ڤیژن، لە شاری هەولێر ئەنجامدرا کە تایبەت بوو بە ماستەرپلانی رێگاوبانە گشتییەکانی هەرێمی کوردستان(2026-2036).

پاراستنی مندالّ و نەوجەوانان لەگەلّ وەزارەتی کاروباری کۆمەلّایەتی باسکرا

لە شاری هەولێر، تیمێکی دامەزراوەی ڤیژن لەگەلّ لیژنەی داڕشتنەوەی یاسایی لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەلّایەتیی کۆبوونەوە، پرسی پاراستنی مندالّ و نەوجەوانان لە کاریگەرییەکانی میدیا و تۆڕە کۆمەلّایەتییەکان بە وردی باسکران.

ئامانجی ئەو کۆبونەوەیەی رۆژی سێشەممە، 18ی ئابی 2026 بەڕێوەچوو، پرسێکی هاوبەش بوو کە هەردوولا کاری لەسەر دەکەن ئەویش کارکردنە بۆ هەمواركردنەوەی یاسایەکی تایبەت بە پاراستنی مندالّ و نەوجەوانان لە کاریگەرییەکانی میدیا و تۆڕە کۆمەلّایەتییەکان و دەرکردنی رێنمایی پێویست لەوبارەیەوە.

لیژنەکانی ڤیژن فاوندەیشن و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەلّایەتی راسپاردەیان لەوبارەیەوە ئامادەکردووە و ئاڵوگۆڕی دەکەن تا لە داهاتوودا بتوانن بابەتەکە بگۆڕن بۆ پرسێکی جێی بایەخی رایگشتی و دۆزینەوەی چارەسەری پێویست.





ڤیژن فاوندەیشن لەڕێگەی نوێنەرایەتی حکومەتەوە پەیوەندییەکانی لەگەلّ ئیسپانیا بەهێز دەکات

دامەزراوەی ڤیژن و نوێنەری حکومەتی هەرێم لە ئیسپانیا، گفتوگۆ لەسەر هەماهەنگی زیاتری نێوان رێکخراوە ناحکومییەکان دامەزراوە فەرمییەکان دەکەن، بۆ لێکنزیکبوونەوەی زیاتر، کاری هاوبەش و رەخساندنی هەلی کاری زیاتر لە چوارچێوەی ئەو سێکتەر و بوارانەی ڤیژن کاریان لەسەر دەکات.

داراوان حاجی حامید، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئیسپانیا، سەردانی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کرد، کار و بەرنامەی سێ ساڵی رابردووی نوێنەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئیسپانیا، پەیوەندی و هەماهەنگییەکانی لەگەلّ دامەزراوە فەرمیی و نافەرمییەکانی وڵاتەکە و هەرێمە جیاوازەکان خستەڕوو.

سەردانەکە رۆژی چوارشەممە، 19ی ئابی 2026 ئەنجامدرا، لە گفتووگۆکاندا باس لەو پەیوەندییانە کرا لە بواری جیا جیاکاندا کە پێویستە هەرێمی کوردستان لەگەلّ جیهانی دەرەوە و بەتایبەتتر لەگەلّ ئیسپانیا هەیبێت.

کوالێتی و کێشەی رێکخستنی فێستیڤاڵەکان لە گفتوگۆیەکی ڤیژن فاوندەیش خرانەڕوو

ستراتیجی بەڕێوەچوونی فێستیڤاڵەکان، رێکخستن و کوالێتی، دووبارەبوونەوە و قەتیسبوونیان لە چەند شوێنێکی دیاریکراودا، میکانیزمی رێکخستن و بەڕێوەپێشبردن و هەمەجۆرکردنیان، تەوەری سەرەکیی فۆکەس گروپێکی دامەزراوەی ڤیژن بوو سەبارەت بە فێستیڤاڵەکانی سلێمانی.

فۆکەس گرووپەکە، بە ئاونیشانی (ستراتیجی رێکخستنی فێستیڤاڵ و بۆنەکان) لەلایەن دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، بە بەشداریی نوێنەرانی کۆمپانیا و رێکخراوەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان بەڕێوەچوو، تیایدا کێشەکانی بەردەم بەڕێوەبردن، ئاست و کوالێتی فێستیڤاڵەکان تاوتوێکران.

فۆکەس گرووپەکە، رۆژی چوارشەممە 19/8/2026 بەڕێوەچوو، بەشداربووان باسیان لەوەکرد ئەو فێستیڤاڵانەی لە شاری سلێمانی ئەنجامدەدرێن دووبارەن و ژمارەیەکیان لە رووی کوالێتییەوە خراپن، جگە لەوەی کە هاوکاریی و هەماهەنگی لەنێوان رێکخەران و دامەزراوە حکومییەکاندا نییە.



ئەندامێکی دامەزراوەی ڤیژن بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا دەچێتە ئەمریکا

بەڕێوەبەرایەتی گشتی زانیاری لە دامەزراوەی ڤیژن، بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە بوارەکەی خۆی ، دەچێتە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڤیژن فاوەندەیشن پیرۆزبایی لێدەکات.

توانا حسێن، بەڕێوەبەری گشتی تەکنەلۆجیای زانیاری (IT) لە ڤیژن فاوندەیشن، بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە ژیریی دەستکرد (AI) بەڕێکەوت بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڤیژن فاوندەیشن وێڕای پیرۆزبایی، پشتگیریی و هەماهەنگیی زیاتری بۆ دەربڕی.

لە مەراسیمەکەدا، باس لە هەوڵ و ماندووبوونەکانی کرا بۆ بەرەوپێشبردنی ڤیژن فاوەندەیشن، پاڵپشتی دامەزراوەکەی بۆ دووبارە کرایەوە لە هەنگاوەکانی داهاتووی و خوێندنەکەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.





ڤیژن فاوندەیشن و دامەزراوەی سەرۆك جەلال تاڵەبانی یاداشتنامەیەکی لێکتێگەیشتنیان واژۆ کرد

بەرزکردنەوەی توانا مرۆییەکانی گەنجان و رەخساندنی هەلی کار بۆیان، گەشەپێدانی لاوان لەبواری دیپلۆماسییەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، پڕۆژەی جیاواز لە بواری ژینگە و گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا؛ ناوەرۆکی ئەو یاداشتنامەی لێکتێگەیشتنەیە، کە لە نێوان دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی و دامەزراوەی سەرۆك جەلال تاڵەبانی، واژۆ کرا.

یاداشتنامەکە رۆژی پێنجشەممە، 20ـی ئابی 2026 لە دامەزراوەی سەرۆك جەلال تاڵەبانی واژۆ کرا، ئامانجی هەردوولا پەرەپێدانی توێژینەوەی زانستی و ئەنجامدانی پڕۆژە و چالاکی هاوبەشە کە خزمەت بە بەرژەوەندی گشتی و پەرەپێدانی کۆمەڵگا بکات. بەپێی ناوەرۆکی لێکتێگەیشتنەکە، توێژینەوە و کاری هاوبەش و کاری پێکەوەیی لە بوارەکانی سیاسی، یاسایی، ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەنجام دەدرێت.

ئەو بوارانەی کاریان لەسەر دەکرێت، بەرزکردنەوەی توانا مرۆییەکانی گەنجان و رەخساندنی هەلی کار بۆیان، پڕۆژەی جیاواز لە بواری ژینگە و گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و رەخساندنی دەرفەت بۆ گەشەپێدانی لاوان لەبواری دیپلۆماسییەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.



رێکخراوی یونسکۆ: دامەزراوەی ڤیژن نەك تەنیا لە هەرێمی کوردستان، لە عێراقیش خۆی سەلماندووە

کار و پڕۆژەی هاوبەش، پڕۆژەیەکی تایبەت بە ڕۆژنامەنووسان و کاریگەرییەکانی ڤیژن فاوندەیشن لە دوو ساڵی رابردوودا، لە کۆبوونەوەیەك لەگەڵ رێکخراوی یونسکۆ باسکران، بڕیارە لە داهاتووشدا هەنگاوەکان بۆ کاری هاوبەش دەستپێبکەن.

رۆژی دوشەممە، 24/8/2026 رێکخراوی یونسکۆ لە عێراق سەردانی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کرد، لە کۆبوونەوەیەکدا باس لە کاری هاوبەشی نێوان رێکخراوەکان کرا، ئاماژە بۆ ئەوەکرا کە ڤیژن لە دوو ساڵی رابردوودا بە ئەزموون و کارەکانی نەك تەنیا لە هەرێمی کوردستان، بەڵکو لە عێراقیش خۆی سەلماندووە.

لە چوارچێوەی کاری هاوبەشدا، باس لە کارکردن کرا لەسەر چەند پڕۆژەیەکی هاوبەش، کە گرنگترینیان کارکردنە لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەی هەواڵی ساختە لە دەزگا راگەیاندنەکان.



فۆکەس گروپی ڤیژن فاوەندەیشن: فێستیڤاڵ و بۆنەکان پێویستیان بە گۆڕانکاریی و ڕێکخستنەوە هەیە

فێستیڤاڵ و بۆنەکان، لە قاڵبی هەفتە بازاردان و نابنە فێستیڤاڵی گەورە و دووبارەبوونەوەشیان وادەکات کۆمپانیاکان متمانەیان نەمێنێت و ئامادە نەبن سپۆنسەریان بکەن، ئەوەش بەپێی بەشێک لە دەرئەنجامی فۆکەس گروپی دووەمی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، لەبارەی ڕێکخستنەوەی فێستیڤاڵ و بۆنەکان لە شاری سلێمانی.

فۆکەس گروپەکە، ڕۆژی چوارشەممە 26ـی ئابی 2026، بە ئامادەبوونی "ستراتیجی ڕێکخستنی فێستیڤاڵ و بۆنەکان لە شاری سلێمانی" بە بەشداریی نوێنەرانی کەرتی تایبەت، ڕێکخراوەکان، شارەوانی و فرۆکەخانە بەڕێوەچوو، بە ووردی باس لە تەواوی کێشە و ئاڵنگارییەکان کرا و چارەسەری پێویستیش خرانەڕوو.

بەشداربووان ئاماژەیان بەوەکرد، زۆرێک لەو چالاکییانەی لە پارکەکان دەکرێن، لە قاڵبی هەفتە بازاردان و نابنە فێستیڤاڵی گەورە و دووبارەبوونەوەشیان وادەکات کۆمپانیاکان متمانەیان نەمێنێت و ئامادە نەبن سپۆنسەریان بکەن.

ڤیژن سپۆنسەری پەیماننامەیەکی میدیایی لە بواری ژینگە دەکات

بە سپۆنسەری میدیایی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، پەیماننامەیەکی هەشت خاڵی بۆ کارکردنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەسەر پرسی پاراستنی ژینگە و ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتە ژینگەییەکانی هەرێمی کوردستان واژۆ کرا.

ڕۆژی 26ـی ئابی 2026 لە پەیمانگای ناشنالّ بۆ تەکنەلۆجیا چالاکییەکە بەڕێوەچوو، بە بەشداریی ڕێکخراوی ئایندە، سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و نوێنەری کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و تیایدا 30 کەناڵی ڕاگەیاندن واژۆیان لەسەر پەیماننامەکە کرد.

پڕۆفیسۆر دکتۆر حەکیم عوسمان جەختی لەوە کردەوە کە پێویستە میدیاکان شارەزایی زیاتریان لە بارودۆخی ژینگە هەبێت، هەروەها کاروان ئەنوەر، سکرتێری لقی سلێمانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، نیگەرانی خۆی دەربڕی لە ئامادەنەبوونی بەشێک لە کەناڵەکان بۆ واژۆکردنی پەیماننامەکە.



کاراکردنەوەی نوسینگەی فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق لە سیمینارێکی ڤیژن فاوەندەیشن شیکرایەوە

لە دامەزراوەی ڤیژن، بە بەشداریی کەسانی شارەزا و پسپۆڕی سەربازی، یاسایی و دەستوریی، بڕیارێکی عەلی زەیدی سەرۆک وەزیرانی عێراق شیکرایەوە، کە دوای 12 ساڵ، نوسینگەی فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراقی کارا کردووەتەوە.

ڕۆژی پێنجشەممە 27ـی ئابی 2026، دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سیمینار و گفتوگۆیەکی کراوەی بە ناونیشانی (دیدگایەکی ستراتیجی دەربارەی کاراکردنی نوسینگەی فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق) ڕێکخست، کە لەلایەن د.سانا کەمال پسپۆڕی یاسایی و دەستوریی، پێشکەشکرا.

لە سیمیناڕەکاندا، کاری نوسینگەی فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکان شیکرایەوە، باس لە دەسەڵاتەکانی سەرۆك وەزیران کرا بەسەر ئەو نوسینگەیە و لەگەڵیشیدا لە ڕووی دەستوریيەوە تەواوی لایەنەکان خرانەڕوو.



کارەکانی ڤیژن فاوندەیشن بۆ رووبەڕووبوونەوەی مەترسییە ژینگەییەکان فراوانتر دەبێت

کارکردنی دامەزراوەی ڤیژن لە بواری ژینگە فراوانتر دەکرێت، بۆ ئەو مەبەستەش لەگەڵ سەنتەری عێراقی بۆ گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا، یاداشتنامەیەکی لێکتێگەیشتنی تایبەت بە گۆڕانکارییە ژینگەییەکان واژۆکرا و چالاکییە هاوبەشەکانی هەردوو دامەزراوەکە لە بوارەکەدا دەست پێدەکەن.

رۆژی یەکشەممە، 30ی ئابی 2026 دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی لەگەڵ سەنتەری گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوای عێراق (IC3+) یاداشتنامەیەکی لێکتێگەیشتنیان واژۆ کرد، تایبەت بە هەنگاوەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و مەترسییە ژینگەییەکان.

بەپێی یاداشتنامەکە، چوارچێوەیەکی کارکردن دادەنرێت بۆ بونیاتنانی هاوکاریی و هەماهەنگی لە بوارە ستراتیجییەکانی پەیوەست بە گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا، ژینگە، وزە و ئاڵوگۆڕی زانیاری لە عێراق و ناوچە جیاوازەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.



هەنگاوەکانی بەرەوپێشبردنی کاری ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان تاوتوێ کرا

لەگەڵ فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان، باس لەوە کێشانە کران کە دێنە بەردەم تۆمارکردنی ڕێکخراوەکان، هەنگاوەکانی پشتگیریکردنیان و پێویستی دابینکردنی بودجەی تایبەتیان و ڕۆڵی ڤیژن فاوندەیشن لە کارکردن لە بوارەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تاوتوێکرا.

رۆژی چوارشەممە، 2ی ئەیلولی 2026، هەردی ئەحمەد، جێگری سەرۆکی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەردانی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کرد. لە کۆبوونەوەیەکدا باس لەوە ئاڵنگارییانە کرا کە دێنە بەردەم تۆمارکردنی ڕێکخراوەکان لە هەرێمی کوردستان، گفتوگۆ لەسەر پێویستی تەرخانکردنی بودجەی تایبەت بۆ ڕێکخراوە مەدەنییەکان کرا.

ئاماژە بەوەدرا کە لە وڵاتانی دیکە، حکومەتەکان نەك باج لە ڕێکخراوەکان وەرناگرن، بەڵکو بەشێك لە باجی وڵاتەکەیان بۆ پشتگیریی و هاوکاریی و پڕۆژەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تەرخان دەکرێت.



کاری ڕێکخراوەکانی بەریتانیا و هەرێمی کوردستان بەراوردکاریی بۆ دەکرێت

نوێنەری هەرێمی کوردستان لە بەریتانیا بۆ ڤیژن: کارەو چالاکییەکانتان هەمەجۆر و ئاست بەرزن

نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەریتانیا، لەسەردانێکیدا بۆ دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، کارو چالاکییەکانی ڤیژن فاوندەیشن ی لەرابردوو بە گرنگ و ئاستبەرز ناوبرد

کاروان جمال تاهیر، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەریتانیا، رۆژی ٢٦-٨-٢٠٢٦ ، سەردانی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کرد، سەردانەکە بەشێکی باسکردن و گفتوگۆ و بەراوردکاریی کارەکانی ڤیژن فاوندەیشن و ڕێکخراوە ناحکومییەکان بوو لە بەریتانیا، نوێنەرەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەریتانیا، کار و بەرنامەو ناوەڕۆکی کارەکانی ڤیژن فاوندەیشن -ی بەگرنگ و بەرچاو و کاریگەر وەسفکرد، باسی لەوەشکرد کارەکانی ڤیژن فاوندەیشن کاریگەریی لەسەر رەوتی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا هەیە لە ئاستە جیاوازەکان.



فۆکەس گروپێکی ڤیژن: ژمارەی دەرچووانی بەشە پزیشکییەکان لە پێداویستییەکان زیاترەدەدەن

لە دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، فۆکەس گروپێک لەبارەی رێکخستنی پسپۆڕییەکان لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ پێداویستییەکانی بازاڕی کار پێشکەشکرا، ئەو مەترسییانە خرانەڕوو کە بەهۆی زۆریی ژمارەی دەرچووان و کەمی هەلیکارەوە دروستبووە.

فۆکەس گروپەکە، رۆژی پێنجشەممە 3ی ئەیلوڵی2026 بەڕێوەچوو، سەرەتا د.بەختیار عوبێد شەریف، یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی بۆ کاروباری خوێندکاران، سیمینارێکی بە ناونیشانی(پرۆژەی رێکخستن و هاوسەنگکردنی خوێندنی بالا، هێزی کاری پسپۆڕ و پێویستییەکانی داهاتووی هەرێمی کوردستان) پێشکەشکرد.

لە سیمیناریەکەدا؛ د.بەختیار عوبێد ئاماژەی بە زۆربوونی ژمارەی بەشە پزیشکی و تەندروستییەکان لە زانکۆ و پەیمانگا حکومی و ئەهلییەکان کرد و روونیکردەوە، 371 بەش لە بواری تەندروستی و پزیشکی لە زانکۆ و پەیمانگا حکومی و ئەهلییەکان و دامەزراوەکانی خوێندنی بالا هەیە.



ڤیژن فاوەندەیشن کۆبوونەوەیەکی راوێژکاریی بۆ لوتکەی سلێمانی ئەنجامدا

کێشەکانی بەردەم وەبەرهێنەران و سەرمایەداران، ئەو ئاستەنگییانەی لەبەردەم هاتنی بانکە گەورەکان بۆ هەرێمی کوردستان هەیە، لەگەڵ چۆنیەتی گیرانەوەی متمانەی هاوڵاتیان بە بانکەکان، لە کۆبوونەوەیەکی راوێژکاریی دامەزراوەی ڤیژن و لە چوارچێوەی ئامادەکارییەکانی لوتکەی سلێمانی تاوتوێی کران.

کۆبوونەوە راوێژکارییەکە وەک دواییین ئامادەکارییەکانی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی بۆ دیداری لوتکەی سلێمانی، رۆژی پێنجشەممە 3ی ئەیلوڵی2026، بە بەشداریی وەبەرهێنەران و سەرمایەداران، لایەنی پەیوەندیدار و نوێنەرانی حکومەت بەڕێوەچوو.

بەشداربووانی کۆبونەوە راوێژکارییەکە، ئاماژەیان بە دیارترین کێشەکانی بەردەم کەرتی بانک، خانووبەرە و وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان کرد.



ڤیژن فاوندەیشن بەشداریی لە کۆنگرەی عێراق بۆ بیمە و بیمەی تەندروستی دەکات

گفتوگۆکردن لەسەر سیستمی بیمە و بیمەی تەندروستی لە عێراق، دەرفەتەکانی گەشەپێدان و هاوبەشی کەرتی تایبەت، ژمارەیەک لە نوێنەرانی کەرتی تایبەت، کۆمپانیاکانی بیمە، پێشکەشکارانی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و کۆمپانیاکانی تەکنەلۆجیا و وەبەرهێنانی کۆکردەوە، ڤیژن فاوەندەیشن بەشداریی لە کۆنگرەکەدا کرد.

رۆژی شەممە، 5ی ئەیلوولی 2026، دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی لە بەغدا بەشداریی لە کۆنگرەی عێراقی بۆ بیمەی تەندروستی و بیمە کرد . (IBS: Iraq Health Insurance and Insurance Summit20226)

کۆنگرەکە ژمارەیەک لە بڕیاردەران، نوێنەرانی کەرتی تایبەت، کۆمپانیاکانی بیمە، پێشکەشکارانی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و کۆمپانیاکانی بواری تەکنەلۆجیا و وەبەرهێنانی کۆکردەوە، بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر داهاتووی سیستمی بیمەی تەندروستی و بیمە لە عێراق، دەرفەتەکانی گەشەپێدان، وەبەرهێنان و هاوبەشی نێوان کەرتە جیاوازەکان.



ڤیژن فاوندەیشن و کۆمپانیاکانی ئابووری کاربۆن گفتوگۆ لەسەر بەشداریی لوتکەی COP31 دەکەن

پەرەپێدانی پڕۆژەی هاوبەش بەتایبەتی ئەو دەستپێشخەرییانەی بتوانن دەرفەت و تواناکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لە بواری ئابووری سەوز و کاربۆن بە شێوەیەکی کرداری بخەنە کار، لەگەڵ هاوکاریی لە بواری توێژینەوە و پۆڵسی، ناوەڕۆکی کۆبونەوەیەکی نوێنەری ڤیژن فاوەندەیشن و بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای ئابوورییەکانی کاربۆن بوو.

ڕۆژی یەکشەممە، 6ی ئەیلوولی 2026، نوێنەری دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، لە بەغدا لەگەڵ ئەندازیار حەیدەر قاسم ئەلدەراجی، بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای گشتی ئابووریی‌ەکانی کاربۆن-سەر بە وەزارەتی ژینگەی عێراق کۆبوونەوە، باس لە گرنگیی ئابووری کاربۆن و بەشداریی عێراق و هەرێمی کوردستان لە بازارەکانی کاربۆن و بەشداریی لە لوتکەی COP31ی تایبەت بە گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا کرا.

لە کۆبونەوەکەدا، باس لە پەرەپێدانی ئابووری کاربۆن، کرێدیتی کاربۆن و هەلی بەشداریی عێراق و هەرێمی کوردستان لە بازارەکانی کاربۆن کرا.



ڤیژن و دەستەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان کاری هاوبەش دەکەن

مەترسییەکانی گۆڕانی دیمۆگرافی لە هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، گفتوگۆکردن لەسەر پڕۆژەی هاوبەش و کارەکانی دامەزراوەی ڤیژن لەو بوارەدا، تەوەری سەرەکی دیدارێکی سەرۆکی دەستەی گشتیی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و ڤیژن فاوندەیشن بوو.

ڕۆژی دووشەممە، 13ی ئەیلوولی 2026، فەهمی بورهان، سەرۆکی دەستەی گشتیی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، سەردانی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کرد، باس لەو پڕۆژە و کارە هاوبەشانە کران، کە دەکرێت لە داهاتوودا هەردوولا کاریان لەسەر بکەن.

بەشێکی دیکەی گفتوگۆکان تایبەت بوو بە پرسی گۆڕانی دیمۆگرافی، مەترسییەکان و هەنگاوەکانی ڕێگرییکردن لەو دیاردەیە، فەهمی بورهان ئاماژەی پەوەدا دەستەکەیان سوودێکی زۆری لەو کارانە بینیوە کە دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی لەبارەی مەترسییەکانی گۆڕانی دیمۆگرافی ئەنجامیداوە.



دامەزراوەی ڤیژن و دامەزراوەی ئینکی تاوتوێی کار و پڕۆژەی هاوبەش دەکەن

کار و چالاکی و ئامانجەکانی هەردوو دامەزراوەکە، ئەنجامدانی کاری هاوبەش و بەڕێوەچوونی لوتکەی سلێمانی کە ڕۆژانی 17 و 18ی ئەیلول لە شاری سلێمانی بەڕێوەدەچێت، تەوەری سەرەکی گفتوگۆ و کۆبونەوەی نێوان دامەزراوەی ئینکی بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی بوون.

ڕۆژی چوارشەممە، 16ی ئەیلولی 2026، دامەزراوەی ئینکی بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوە بە سەرۆکایەتی کەوسەر غەرابی، سەرۆکی دامەزراوەکە، سەردانی ڤیژن فاوندەیشنیان کرد، باسیان لە ئەزموونی شەش ساڵی کارکردنیان لە بوارەکانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە کرد.

ئاماژەیان بۆ ئەوەکرد، توێژینەوەکانی دامەزراوەی ئینکی لە بوارەکانی؛ سیاسی، ئابووری و ستراتیجیيە و لەڕێگەی تۆڕێك لە توێژەرانەوە کاریان لەسەر دەکەن.


لوتکەی سلێمانی 2026 بە سەرکەوتویی بەڕێوەچوو

رۆژانی 17 و 18ـی ئەیلوول، لوتکەی سلێمانی 2026 لە هۆتێل گراند میلینیۆمی شاری سلێمانی بەڕێوەچوو، لەم لوتکەیەدا؛ بەرپرسانی باڵا لە عێراق و هەرێمی کوردستانەوە بەشداربیان کرد، شارەزایانی ئابووری لە عێراق و وڵاتانی دیکەوە بەشداربوون. دوو رۆژی پڕ لە گفتوگۆ و دیدار بەڕێوەچوون.

رۆژی یەکەمی لوتکەی سلێمانی رۆژی 17ـی ئەیلوول، هەریەکە لە بەڕێز نزار ئامێدی، سەرۆک کۆماری عێراق، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڕێز قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان و ژمارەیەکی بەرچاو لە وەزیران و بەرپرسانی باڵای هەرێمی کوردستان و عێراق بەشداربیان تێدا کرد.

لە 18ـی ئەیلوول، دووەم رۆژی لوتکەی سلێمانی بەڕێوەچوو. سێ پانێڵ پێشکەشکران، لەو دوو رۆژەدا چەندین کەسانی شارەزا و پسپۆڕ، بانکە نێودەوڵەتییەکان و بەرپرسانیی حکومیی وەک پانێلیست بەشداربیان کرد.





لە لوتکەی سلێمانی؛ حکومەت و وەبەرهێنەران گفتوگۆ لەسەر هەماهەنگی زیاتر دەکەن

هەماهەنگی نێوان دامەزراوەکانی حکومەت و وەبەرهێنەران و خاوەن پڕۆژەکان و گفتوگۆکردن لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکانیان لەپێناو گەشەی ئابووری بەردەوام، ناوەڕۆکی کۆبونەوەیەکی هاوبەش بوو لە پەراوێزی دووەم رۆژی لوتکەی سلێمانیدا.

رۆژی هەینی 18ـی ئەیلوولی 2026، لە پەراوێزی کارەکانی رۆژی دووەمی لوتکەی سلێمانی، شاهۆ عوسمان جێگری پارێزگاری سلێمانی، ئامانج جەلال بەڕێوەبەری گشتی وەبەرهێنانی پارێزگای سلێمانی، نەوزاد غەفور رەباتی سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازیی سلێمانی، بەبەشداریی رێکخەرانی لوتکەی سلێمانی کۆبونەوەیەکی هاوبەشیان لەگەڵ وەبەرهێنەران، بانکەکان، خاوەنکار و پڕۆژەکان و سەرمایەداران ئەنجامدا.

کۆبونەوەکە بۆ گفتوگۆکردن و هەماهەنگی زیاتربوو لەنێوان لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت و وەبەرهێنەران و خاوەن پڕۆژە و سەرمایەداران و کۆمپانیاکان، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی بواری وەبەرهێنان، پیشەسازی و کارگە و پڕۆژەکان، کە بەشێک لە ئامانجەکانی لوتکەی سلێمانی بوو.



لە لوتکەی سلێمانی؛ قوباد تاڵەبانی لەگەڵ وەبەرهێنەران و بازرگانان گفتوگۆ لەسەر گەشەی هاوسەنگی کەرتەکان دەکات

چۆن هەموو کەرتەکان بەشێوەیەکی هاوسەنگ گەشە بکەن؟ هاوکات لەگەڵ گەشەپێدانی ئابووری، بوارەکانی کولتووری و زانستی و رۆشنبیریش گەشە بکەن. کارکردن بۆ بونیاتنانی سیستمێکی بانکی پێشکەوتوو. رۆڵی وەبەرهێنەران و بازرگانان لە گرنگیدان بە بازارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، ناوەڕۆکی کۆبونەوەیەکی قوباد تاڵەبانی و وەبەرهێنەران و بازرگانانی سلێمانی بوو.

لە پەراوێزی یەکەم رۆژی لوتکەی سلێمانی، رۆژی پێنجشەممە 17ـی ئەیلوولی 2026، قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ژمارەیەک لە وەبەرهێنەران و بازرگانانی پارێزگای سلێمانی، بە بەشداریی رێکخەرانی لوتکەی سلێمانی، کۆبووەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا، دوای گوێگرتن لە راوبۆچوونی ئامادەبووان، قوباد تاڵەبانی دەستخۆشی لێکردن کە لە ماوەی سااڵنی رابردوودا وەبەرهێنەران و بازرگانان شانبەشانی هەنگاوەکانی حکومەت رۆڵی گرنگیان هەبووە لە بووژانەوە و گەشەپێدانی ئابووریی هەرێمی کوردستان و پارێزگای سلێمانی. بەڵێنی پێدان بە هەموو تواناوە هاوکاریان بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانیان.



دامەزراوەی ڤیژن بەشداریی کۆبونەوەی سەرۆک وەزیرانی عێراق دەکات لەگەڵ ناوەندەکانی توێژینەوە

سوود وەرگرتن لە دەرئەنجامی توێژینەوەی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە، بەتایبەتی ئەو توێژینەوانەی بەشدارن لە داڕشتنی سیاسەتە گشتییەکان و دروستکردنی بڕیار و رۆڵی گرنگی خانەکانی بیر و توێژینەوە و لێکۆڵینەوە، ناوەڕۆکی کۆبونەوەیەکی سەرۆک وەزیرانی عێراق بوو، لەگەڵ دەستەبژێرێک لە سەرۆکی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە، کە سەرۆکی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی تێیدا بەشداربوو.

رۆژی یەکشەممە 20 ی ئەیلوولی 2026، عەلی فالح زەیدی، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، پێشوازی لە دەستەیەک لە سەرۆکی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە، توێژینەوە و هزریی لە عێراق کرد.

لە دیدارەکەدا، عەدنان عوسمان سەرۆکی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی لەسەر بانگهێشتی فەرمی سەرۆک وەزیران بەشداریی تێدا کرد، گفتوگۆ لەسەر کار و چالاکیی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و رۆڵیان لە بوارە جیاوازەکاندا کرا، لەگەڵ چۆنیەتی سوود وەرگرتن لە دەرئەنجامی ئەو توێژینەوانەی بەشدارن لە داڕشتنی سیاسەتە گشتییەکان و پشتیوانیکردن لە بڕیاردانی دروست.



ڤیژن فاوەندەیشن، بەشداریی لە کردنەوەی سیستمی رەوانەکردنی نیشتیمانی لە پارێزگای هەڵەبجە دەکات

سیستمی رەوانەکردنی نیشتیمانی، بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییە خێراکانی جیهان لە بڕیارەکانی تایبەت بە کۆچ و پەناخوازان، پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی و کارئاسانی بەگەڕاوەکان، زوو تێکەڵکردنەوەیان لەگەڵ کۆمەڵگە، لە پارێزگای هەڵەبجە کرایەوە.

رۆژی یەکشەممە 20ی ئەیلوولی 2026، بەئامادەبوونی پارێزگاری هەڵەبجە و لایەنە پەیوەندیدارەکان و بەرپرسی ناوەندەکانی کۆچ و گەشەپێدانی GIZ لە عێراق، دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی بەشداریی کرد لە کردنەوەی ئۆفیسی سەنتەری رەوانەکردنی نیشتمانی NRM سەر بە بەڕێوبەرایەتی کۆچ و کۆچبەران و وەڵامدانەوەی قەیرانەکان لە پارێزگای هەڵەبجە.

"سیستەمی رەوانەکردنی نیشتیمانی" یەکێکە لە سیستمە جیهانیە پێشکەوتووەکان، لە ساڵی 2023 لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهاوکاری رێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ، بە پشتیوانی یەکێتی ئەوروپا بەمەبەستی خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییە خێراکانی جیهان لە بڕیارەکانی تایبەت بەکۆچ و پەناخوازان، پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و کارئاسانی بەگەڕاوەکان، زوو تێکەڵکردنەوەیان لەگەڵ کۆمەڵگە هێندراوەتە هەرێمی کوردستان.



عەدنان عوسمان: دەمانەوێت دیوارەکانی نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان لە کایە بازرگانییەکاندا لاببرێن

رۆژی پێنجشەممە، 17ی ئەیلوولی 2026، یەکەم رۆژی لوتکەی سلێمانی 2026 لە هۆتێل گراند میلینیۆمی شاری سلێمانی بەڕێوەچوو، لوتکەکە بە وتاری عەدنان عوسمان، سەرۆکی لوتکەی سلێمانی دەستپێکرد.

عەدنان عوسمان، ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە لوتکەی سلێمانی تەنیا چەند دانیشتنێکی رۆتینی نییە، بەڵکو پرس و تاقیکردنەوەی ئایندەی ئابووریی عێراق و هەرێمی کوردستانە.

وتیشی: "دەمانەوێت ئەم لوتکەیە ببێتە لوتکەی هەموو عێراق و تایبەت دیوارەکانی نێوان بەغدا و هەرێم لە کایە بازرگانییەکاندا لاببرێن؛ سەرمایە و قەرزی بانکە عێراقییەکان بە پرۆژەکانی هەرێمەوە ببەستێنەوە و رێگەکانی ناردنی بەرهەمی کارگەکانی کوردستان بۆ تەواوی شارەکانی عێراق ئاوەڵا بکرێن".



سەرۆك كۆماری عێراق لە لوتكەی سلێمانی: پشتیوانی لەو هەوڵە یاسایی و دامەزراوەییانە دەكەین كە كەرتی تایبەت بەهێز دەكەن

لە وتاری دەستپێكی لوتكەی سلێمانی 2026، كە رۆژی 17ـی ئەیلوول كارەكانی یەكەم رۆژیی بەڕێوەچوو، بەڕێز نزار ئامێدی، سەرۆك كۆماری عێراق رایگەیاند: ئەم كارە پێكەوەییە و ئەم هاوبەشییە زیندووە لە پێشنیازكردنی سیاسەتەكان و دانانی چارەسەرەكاندا، لەم بارودۆخە پڕ لە گێژاوەی ناوچەكە پێیدا تێپەڕ دەبێت، زۆر پێویست و گرنگە.

وتیشی: لەم چوارچێوەیەدا، پشتیوانی لەو هەوڵە یاسایی و دامەزراوەییانە دەكەین كە كەرتی تایبەت بەهێز دەكەن بۆ ئەوەی ڕۆڵێكی گەورەتر لە جێبەجێكردنی پڕۆژە ستراتیجییەكان، پەرەپێدانی ژێرخان و خزمەتگوزارییەكان و ڕەخساندنی دەرفەتی كاردا بگێڕێت.



نێچیرڤان بارزانی لە لوتكەی سلێمانی: كاتی ئەوە هاتووە هەنگاو بنێین بەرەو ئابووریيەكی بەرهەمهێن و فرەچەشن

سەرۆكی هەرێمی كوردستان رایگەیاند: كەرتی تایبەت هاوبەشێكی سەرەكی بووە لە ئاوەدانكردنەوەی هەرێمی كوردستاندا. لە سالانی رابردوودا ژێرخانێكی باش و كارگە لە هەرێمی كوردستان دروستكران، بەڵام كاتی ئەوە هاتووە بە شێوەیەكی تەواو لە ئابووریيەكی بەكاربەرەوە هەنگاو بنێین بەرەو ئابووریيەكی بەرهەمهێن و فرەچەشن لە ڕێگەی ئاراستەكردنی زیاتری سەرمایە بەرەو كەرتەكانی كشتوكاڵ، پیشەسازی، گەشتیاریی و پاڵپشتیكردنی بەرهەمی ناوخۆیی لە هەرێمی كوردستان.

ئەو قسانەی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆكی هەرێمی كوردستان، لە میانی پێشكەشكردنی وتارێكدا بوو لە یەكەم رۆژی كردنەوەی لوتكەی سلێمانی لە رۆژی پێنجشەممە 17ـی ئەیلوولی 2026، پێشكەشیكرد.



قوباد تاڵەبانی لە لوتكەی سلێمانی: كێشەی دارایی، بازاڕ و بژێوی تەنیا بە حكومەت چارەسەر ناكرێت و كارێكی دەستەجەمعییە

قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆك وەزیرانی هەرێمی كوردستان لە وتارێكیدا كە لە لوتكەی سلێمانی 2026 پێشكەشی كرد رایگەیاند؛ سالانی رابردوو سلێمانی گەشەكردنێكی زۆری بەخۆیەوە بینیوە لە بواری ئابووری و لە بواری وەبەرهێنان و لە بازاڕی كار و لە هەڵی كارەوە، نەك هەر ئەوەندە بەڵكو لە بواری هونەر و كولتوور و گفتوگۆی فیكریش گەشەیەكی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە.

ئەوەشی خستەڕوو كە كێشەی ئابووری تەنیا بە حكومەت چارەسەر ناكرێت و وتی: "كێشەی دارایی و كێشەی بازاڕ و كێشەی بژێوی ژیانی كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان و عێراق بە حكومەت چارەسەر ناكرێت بە تەنیا؛ كارێكی دەستەجەمعییە و بە خەڵكی شارەزا، بە فكر، بە موناقەشە، بە ڕەخنە، بە داهێنان، بە پێكەوە كاركردن چارەسەر دەبێت".

قیـژن فاوندەیشـن و گروپـی ئۆتۆماتـا کار بـۆ دەستپێشـخەرییەکی دیجیتاڵی دەکەن



لـە چوارچێـوەی پەرەپێدانـی پـرۆژە تەکنەلۆجـی و دیجیتاڵییەکانـدا، بـۆ دابینکردنـی چوارچێوەیەکـی هەماهەنگیـی هاوبـەش بـۆ ناسـاندن، بـەرەودان و جێبەجێکردنـی دەستپێشـخەریی دیجیتاڵیـی تایبـەت بـە خزمەتگوزاریـی بـۆ ئاڵوگۆڕکردنـی زانیـاری و داتـا؛ دامـەزراوەی قیـژن بـۆ لێکۆڵینـەوەی سـتراتیجی و گروپـی ئۆتۆماتا یاداشتنامەیەکی لێکتێگەیشتنی هاوبەشیان واژۆکرد.

یاداشتنامەکـە رۆژی دووشـەممە 28ـی ئەیلوولـی 2026 لەلایـەن عەدنـان عوسـمان، سـەرۆکی دامـەزراوەی قیـژن بـۆ لێکۆڵینـەوەی سـتراتیجی و عەممـار فەللاحـە، سـەرۆک و بەڕێوەبـەری جێبەجێـکاری گروپـی ئۆتۆماتـا(Automata4 Group)، واژۆکـرا، کـە کۆمپانیایەکـی ناوچەییـە تایبەتـە بـە پێشکەشـکردنی چارەسـەری ئایتـی تایبـەت بـە کوالێتـی بـەرز و خزمەتگوزاریی راوێژکاریی لە زۆرێک لە ناوچەکانی جیهاندا .

ئامانجـی سـەرەکیی لێکتێگەیشتنەکـە، بریتییـە لـە دابینکردنـی چوارچێوەیەکـی هەماهەنگیـی هاوبـەش بـۆ ناسـاندن، بـەرەودان و جێبەجێکردنـی دەستپێشـخەریی دیجیتاڵیـی (دەنگـی تـۆ) کـە خزمەتگوزاریـی ئاڵوگۆڕکردنـی زانیاریـی و داتاییـە و دەتوانرێـت لەڕێیـەوە کـۆڕ و کۆبونـەوەی تایبەتی ئەنجامبدرێت.

دامـەزراوەی قیـژن بـۆ لێکۆڵینـەوەی سـتراتیجی لەلایـەن تـۆڕی نێودەوڵەتیـی "On Think Tanks" ناسێنرا



دامـەزراوەی قیـژن بـۆ لێکۆڵینـەوەی سـتراتیجی بـە شێوەیەکـی فەرمـی خرایـە نێـو داتابەیـس و پێڕسـتی نێودەوڵەتیـی پلاتفۆرمـی "On Think Tanks (OTT)"، کـە یەکێکـە لـە دیارتریـن ناوەنـدە جیهانییەکانـی تایبـەت بـە چاودێـری و تۆڕبەندیـی ناوەندەکانـی توێژینەوە و بیرکردنەوە.

پلاتفۆرمـی (OTT) لەبـارەی دامـەزراوەی قیـژن ئامـاژەی بـۆ ئەوەکـردووە کـە وەک ناوەندێکـی سـەربەخۆی لێکۆڵینـەوە کار دەکات و لـە سـاڵی 2024 لەلایـەن دەستەبژێرێـک لـە کەسـانی ئەکادیمـی، رۆژنامەنـووس، پسپۆڕانـی بـواری توێژینـەوە دامەزراوە.

ئـەم تـۆڕە جیهانییـە باسـی لـە چالاکییەکانـی قیـژن فاوندەیشـن کـردووە کـە پێکدێـن لـە؛ بڵاوکردنـەوەی توێژینـەوەی سـتراتیجی، رێکخسـتنی کۆنفرانـس و دیالۆگـی نیشـتمانی، لەگـەڵ بنیاتنانـی هاوبەشـیی لەگـەڵ زانکـۆ و ناوەنـدە گشـتییەکان بـە ئامانجـی بەشداریپێکردنی کۆمەڵگە و بڕیاردانی زانستی.

خولێك بۆ ناسینەوە و ڕووبەڕووبوونەوەی ساختەهەواڵ



لـە چوارچێـوەی پـرۆژەی (عێراق فلتـەر)، دامـەزراوەی قیـژن بـۆ لێکۆڵینـەوەی سـتراتیجی بـە هاوبەشـی لەگـەڵ رێکخـراوی ئایدیـا ئینتەرناشـنالّ و وەزارەتـی دەرەوەی ئەڵمانیـا، بـە هەماهەنگـی لەگـەڵ کۆمسیۆنـی بـاڵای سـەربەخۆی هەڵبژاردنەکانـی عێـراق، خولێکـی راهێنانیـی تایبەتـی بـۆ ژمارەیـەک لـە ڕۆژنامەنووسـان و پەیامنێرانـی دەزگا میدیاییـەکان لـە هەرێمـی کوردسـتان و عێراق؛ بەڕێوەبرد.

خولەکـە رۆژی سێشـەممە، 29/9/2026 بـە بەشـداریی کۆمەڵێـک لـە ڕۆژنامەنووسـان و نوێنەرانـی میدیاکانـی هەرێمـی کوردسـتان و عێـراق ئەنجامـدرا؛ تێیـدا تیشـک خرایەسـەر چۆنیەتیـی دەستنیشـانکردن و بەرەنگاربوونـەوەی سـاختەهەواڵ و زانیاریـی چەواشـەکار لـە دەزگاکانـی راگەیاندنـدا.

وانـە و راهێنانـە پراکتیکییەکانـی خولەکـە لەلایـەن هەریـەک لـە رەنـج شـوکری، بەڕێوەبـەری ڕاگەیاندنـی ئۆفیسـی سـلێمانیی کۆمسیۆنـی بـاڵای سـەربەخۆی هەڵبژاردنەکانـی عێـراق و ئاسـۆ وەهـاب راهێنـەری نێودەوڵەتـی لـە بـواری تەکنەلۆجیـای زانیـاری پێشکەشـکران؛ تێیـدا لـە پـاڵ ناسـاندنی چوارچێـوە یاسـایی و میدیاییەکانـی ڕوومـاڵ، ئامـراز و تەکنیکـە سـەردەمییە دیجیتاڵییەکانـی پشـکنینی دروسـتیی زانیـاری و بەدواداچوونـی سـەرچاوەی هەواڵە ساختەکان بەشێوەی کردارییی خرانەڕوو.



ڤیژن فاوەندەیشن و باڵیۆزی سویسرا گفتوگۆ لەسەر هەماهەنگی و پڕۆژەی هاوبەش دەکەن

پڕۆژەکانی ڤیژن بۆ ژنان و گەنجان، راهێنانی رۆژنامەنووسان بۆ رووبەڕووبوونەوەی ساختەهەواڵ، گفتوگۆکردن لەسەر پڕۆژەکانی داهاتوو، هەماهەنگی نێوان هەردوولا، ناوەڕۆکی کۆبونەوەیەکی نێوان باڵیۆزی سویسرا و ڤیژن فاوەندەیشن بوو.

ئەمڕۆ چوارشەممە 30ی ئەیلوول 2026، پیتەر نیڵسۆن، باڵیۆزی نوێی سویسرا لە عێراق سەردانی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کرد، گفتوگۆ لەسەر پڕۆژەکانی دامەزراوەی ڤیژن و بۆردە جیاوازەکانی دامەزراوەکە کرا. بەتایبەتی کارەکانی بۆردی کۆمەڵایەتی و ئەو کار و پڕۆژانەی بۆردەکە تایبەت بۆ پرسی ژنان و گەنجان ئەنجامی دەدات.

باڵیۆزی سویسرا بە گرنگییەوە پڕۆژەکانی ڤیژن فاوەندەیشنی هەڵسەنگاند، بە تایبەت ئەو پڕۆژانەی بۆ خزمەتکردنی زیاتری هەرێمی کوردستان لە هەموو بوارەکاندا ئەنجامی دەدات، لە ناویاندا پڕۆژەی عێراق فلتەر و خولی راهێنانی رۆژنامەنووسان بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەواڵی چەواشەکار و ساختەهەواڵ لە عێراق و هەرێمی کوردستان، کە لەلایەن دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی و هاوبەشەکانی بەڕێوەدەچێت.